مەلا حەوێزەفەندی قۆچاغا

حاجی محی الدین أسعد

شاری کۆیە لە سەردەمێکی کۆنەوە شاری ئەدەب و زانست و هونەری کوردی بووەو .بەدەیان زاناو شاعیرو هونەرمەندی ناوداری پێگەیاندووەو ناوبانگیان لە هەموو لایێکی کوردستان دا بلاوبۆتەوە . یەکێك لەو ناودارانە مامۆستا مەلا حەویزەفەندی صالحی قۆچاغای مەلای شاعیر بووە . کە لە ساڵی ١٨٧٥ دا لە کۆیە لەدایك بووەو سەرەتای خوێندنی ئایینی لە سوختەخانەو حووجرەی مزگەوتەکانی ئەو شارە دەست پێ کردووەو بە فەقێیەتی لەلای حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە (١٨٣٤ – ١٩٠٨)خوێندوویەتی و لە داویی‌دا چووە بۆ شاری هەولێر ، و لەلای مەلافەندی (١٨٥٩ – ١٩٤٢) خوێندوویەتی و بروانامەی مەلایەتی لێوەرگرتووەو گەڕاوەتەوە کۆیەو لەدوای نەمانی حوکمی عوسمانلی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەی کۆیە . لەبەر زیرەکی و زانایی لەگەڵ دەستەیەکی تر لە زانایانی ئەو شارە لە ساڵی ١٩٢١دا کراوە بە مامۆستای یەکەمین قوتابخانەی میری لە کۆیەو لەو ساڵەوە دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەکە لەم زاتانەی خوارەوە پێك هاتووە :

١ – مامۆستا عەبدوڕەحمان شەرەف (١٨٩٠ – ١٩٥٣) بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە .

٢ – مەلا حەوێزەفەندی قوچاغا (١٨٧٥ – ١٩٣٩) مامۆستای جوگرافیاو مێژووو زانستی (الکلام) بووە .

٣ – شێخ نورەدینی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی‌زادە (١٨٨٢ – ١٩٥٢) مامۆستای زمانی عارەبی .

٤ – مامۆستا صالح قەفتان وانەی مێژووی گوتۆتەوە .

٥ – مامۆستا عەلی ئاگا وانەی ئینگلیزی و وەرزشی گوتۆتەوە .

٦ – مامۆستا عومەر ئەمین وانەی زانیاری گوتۆتەوە .

٧ – مامۆستایان گریگۆر وانەی بیرکاری و ڕەمزی ڕەحیمی ناودار بە مەمەندکەرکوکی وانەی خۆش‌نووسی و عەزیز ئەفەندی وانەی کیمیایان گوتۆتەوە .

٨ – مامۆستا (عەلی کەمال) یش کە بەڕێوەبەری پۆلیس بووە ، لەدوای جێ‌بەجێ‌کردنی کاروباری پۆلیسخانە چووە وانەی (ئەندازە)ی لەو قوتابخانەیەدا گوتۆتەوە .

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە مەلا حەوێزەفەندی زانایێکی تێگەیشتووی سەردەمی خۆی بووەو لەڕیزی ئەو زانایانەی هاوەڵی دەست نیشان کراوە تاکو بکرێت بە مامۆستایێکی بەتواناو لە ماوەی مامۆستایی‌دا بە دەیان قوتابی زیرەك و بەتوانا پێ بگەیێنێ و بیان‌کات بە مامۆستای ڕابەڕو ڕۆشنبیری ناودار لە دوارۆژدا .

لەو قوتابیانە کە هەردەم شانازییان بە زانایی و چاکەی ئەو ماموستایە دەکردودەیان‌گوت ئێمە پەروەردەی زانیاریی مامۆستا مەلا حەویزەفەندین ، مامۆستاو ڕۆشنبیری ناوداری وەکو (صابیر ئیسماعیل) (١٩١٠ – ١٩٧٢) و (طاهیر صادق)(١٩١١ – ١٩٨٤) و زەکی ئەحمەد هەناری (١٩١٠ – ١٩٦٧) . هەروەها مامۆستایانی وەکو عەبدولمەجید نورەدینی جەلی زادە (کۆیە : ١٩١٢) و (عومەر جەلال) حەوێزی (کۆیە : ١٩١٢) و مەلا فەتاحی مەلاعیزەت (کۆیە : ١٩١٠) کە لە ژیان‌دا ماون و خودا تەمەنیان درێژتر بکات و بە دەیان ڕۆشنبیری دیکەی ئەو شارە پەروەردەی زانیاریی ئەم مامۆستایە زانا و شاعیرە بوون .

مەلا حەوێزەفەندی پاش چەند ساڵێك مامۆستایەتی لە شاری کۆیە گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی ڕانیەو تا ساڵی ١٩٣٩ لەو شارە خزمەتی منداڵانی کوردی کردووە ، تاکو لە ئەنجام‌دا بەهۆی نەخۆشی‌یەکی کوشندەوە لە ڕۆژی ٢٩ / ١٢ / ١٩٣٩ دا لە ڕانیە کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەهێنرێتەوە کۆیەو لە گۆڕستانی غەریبان بە خاکی کوردستان دەسپێردرێ . هەزار سڵاو لە گیانی پاکی مەلا حەویزەفەندی مامۆستا و شاعیری کورد بێ .

مەلا حەویزەفەندی‌قۆچاغا (مەحزون) و شیعر :

مەلا حەوێزەفەندی هەروەکو زاناو مامۆستایێکی بەتوانابووە . لە

هەمن کاتیش‌دا شاعیرێکی باش بووەو شیعری بە زمانی کوردیو عەرەبیو تورکیو فارسی داناوە، چونکە بە چاکی ئەو چوار زمانەی زانیوە. نازناوی شیعری (مەحزوون) بووە. لە نووسینی کوردی‌دا پەیرەوی زمانی ئەدەبی‌ی یەکگرتووی کوردی شێوەی کرمانجی خوارووی کردووە. لە هۆنراوەیەکی‌دا دەڵێ : —

دولبەرا ئیمرۆ نەسیم بۆیی بەهاری پێوەیە
دڵ شکوفەی کردووە غونچەی خەزانی پێوەیە

ساقی‌یو موتریب عەزیزم وا لە نێو باغی گوڵان
بەم گوڵستانە دەڵێن بۆی زوڵفی یاری پێوەیە

ماچی خاڵی خۆشترە یا شەکرە سێوی کوڵمەکەی
ئارەقەی بەرگەردنی ئاوی حەیاتی پێوە یە!!

شاعیر هەرچەندە لەم هۆنراوەیەی‌دا بە تەواوی پەیرەوی هونەری سەروای شیعری نەکردووە، بەڵام لە هۆنراوەکانی دیکەی‌دا، بە تەواوی دەستو بازووی هونەری شیعری بەهێزدەبی‌و شیعری بەهێزترمان پێشکەش‌دەکاتو دەڵێ : —

ئەو پەرچەمە فەتتانە کە پڕ هەڵقەوو چینە
پابەندی دڵو دانشە، غارەتگەری دینە!
ساتێکی نەبوو ناڵەنەیێتن لە دەروونم
ئەم کوڵبەیە کاول‌بێ چ جێ‌یێکی بەشینە
مردن لە غەمو عیشقی تۆ زۆر خۆشە لەبۆ من
پابەندی جەفاو، جەوری مەکە زۆر بە برینە!

کاتێ مەلا حەوێزەفەندی (مەحزوون)دەکەوێتە رانیە، رانیەی ئەوسای پڕ لە کیچو تەپۆی لەرزو تا؛ شاعیر زۆر بەجوانی وەسفی باری دەروونی خۆی بە هۆنراوەیەك دەردەبڕی‌و دەڵێ : —
ئەی دڵە تاکەی بناڵم من لە دونیای فانی‌یە
ئاخیری عومرم بە پیری کەوتمە داوی رانیە

رانیەم لێ‌بوو بە مەسکەن، دەشتی بیتوێنم وەتەن
نەم دەزانی چەرخی گەردوون عەهدو پەیمانی نی‌یە

هەر لە مایس تاوەکو تشرینی ثانی بیستو نۆ
رۆژ لە نێو کوورەی جەهەننەم شەو لەبەر کێچو تەپۆ

شاعیر لە رانیەوە نامەیەکی شیعری بۆ خوا لێ‌خۆش‌بوو مەلای گەورە (١٨٧٦ – ١٩٤٣)ی کوڕی مامۆستای بەڕێزی نووسیوە ژمارەی دێڕە شیعرەکانی ٢٢ دێڕەو بەم جۆرە دەستپی‌دەکات :

ئوستادی فاضل عەللامەی زەمان
عالمی نیحریر فەخری کوردستان

قیبلەی عولەما تاجی فوضەلا
جەژنت موبارەك بە سەعدو صەفا

مەلا حەویزەفەندی «مەحزوون» کە لە کۆیە بووە، هەردەم لە کۆڕو ئەنجومەنی مەلای گەورەدا ئامادەدەبووە، لە وەختێك‌دا کە مەلای گەورە ئیجازەی مەلایەتی داوە بە (عەلی) کوڕی قازی سەردەشتو ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە، (مەحزوون) هۆنراوەیەکی بەو بۆنەیەوە داناوەو لە ئاهەنگەکەدا خوێندوویەتی‌یەوەو لێرەدا چەند دێڕێکی لێ دەخەینەڕوو، کە بە زمانی فارسیو عەرەبی داناوەو دەڵێ : —
علمو عرفان أشرف الأشیاست از کون و مکان
باعث فوز و نجات است هادی راهی جنان
«اطلبوا العلم و لو بالصین» فرمودش رسول
آیت «هل یستوي» گشته است برفضلش نزول
«حصلوا مایحفظ الدین المبین من خلل
لیس للانسان الا ماسعاه من عمل!»
لن ینالَ عالمُ الاسلام ِفخراً بالخیال
انما الفخر لقومٍ ارتقوا عرش الکمال!!

خوێنەری بەڕێز، ئەمەبوو چەند وشەیەکی پێویست لە یادی مامۆستاو شاعیرێکی نەمری کورددا، هیوادارم لە دەرفەتێکی دیکەدا بتوانم باسێکی فراوانی لەسەر بنووسمو مافی رەوای خۆی پی‌بدەم. لەگەل سلاومان‌دا بۆ گیانی پاکی مەلای شاعیرو رێزمان بۆ ئێوەی خوشەویست.

سەرچاوەو پەراوێز :
١). کەریم شارەزا – کۆیەو شاعیرانی – ب ١، بەغدا ١٩٦١، ل : ٧٢، ٧٣، ٧٤
٢). ماموستا عەبەولەجید نورەدین جەلی زادە (کۆیە : ١٩١٢)
٣). مامۆستا مەلافەتاحی مەلا عیزەتی جەلی‌زادە (کۆیە : ١٩١٠)
٤). مامۆستاعومەر جەلال حەوێزی (کۆیە : ١٩١٢)
٥). مامۆستا جەلال جۆباری شاعیر (کۆیە: ١٩٢٩)
٦). مامۆستا عەبدولخالق عەبدورەززاق حەبیب (کاکەجوان) کۆیە ١٩٤٦